# بنەما تیۆری‌و پراکتیکیەکانی دیداری خوێندنگا
## ( فاکەڵتی پەروەردەی قەڵادزێ بە نموونە )

م.ی. شێروان شریف عزیز
زانکۆی ڕاپەرین
پەروەردەی قەڵادزێ

م. رسول ابراهیم رسول
زانکۆی ڕاپەرین
پەروەردەی بنەڕەت

**پێشەکی:**

وانــە وتنــەوە پیشــەیەکی ئــاڵۆزەو ئاســان نییــە، لەســەر کەســایەتی‌و لێهــاتوویی مامۆســتا وەســتاوە، لەبەرئــەوە پێوستی بە شارەزایەکی زۆر هەیە لە زانیاری پسپۆری‌و ئاشنابوون بــە بابەتــە پەروەردەیــەکان‌و ڕێگــاو شــێوازەکانی وانە وتنەوە، جیا لەهەر کارێکی تر پیشەیەك نییە لــە کۆڵخــۆ بکرێتــەوە، چونکە ئــەو کــات هــیچ ئامانجێك بــەدی نایەت‌و تەنها کات بەفیڕۆدانە، بۆیە ئامادەکرندنی فێرخواز بۆ ئەم پیشە پــیرۆزە پێویســتی بــەکات‌و ماندووبوونــە، یەکێك لەو بابەتانەی کەوەك هــەنگاوێکی ســەرەتایی گــرنگ لــە زۆربــەی فاکەڵتیــە پەروەردەییــەکان هەیــە، بابــەتی دیداری خوێندنگایە، گرنگی بابەتەکەو ئاشناکردنی فێرخواز بە نــاوەرۆك‌و شــێوازی ئەنجامــدانی ئــەوە هەڵدەگرن لێکۆڵینــەوەی تایبــەتیان لــە بــارەوە بکرێــت، بــە ئامــانجی بایەخــدانی زیــاتر بــە بابەتەکــە بەتایبــەت لــەڕووی پراکتیکیــەوە، ســود گەیانــدنی بــە  پرۆســەی پــەروەردەو فێرکــردن، بــە پێویســت زانــراوە توێژینــەوەی تایبــەتی لەبارەوە ئەنجام بدرێت، هەموو ئەمانە لە پشت هەڵبژاردنی بابەتەکەوە بوون بۆ توێژینەوە.

بۆ ئامادەکردنیشی سود لە سەرچاوەی تایبەت وەرگیراوە، بۆ لایەنی پــراکتیکیشی فــەکاڵتی پــەروەردەی قــەڵادزێ/ ز. ڕاپــەڕین بــە نموونــە وەرگــیراوە، کــە شــێوازەکانی دیــدار لەگــەڵ فێرخــوازانی قۆنــاغی چــوارەمی ســاڵی خوێنـدنی(٢٠١٤- ٢٠١٥)ز بــە پــراکتیــك ئــەنجام دراون، توێــژەران هەســتان بــە وەرگرتنــەوەی ئــەنجامی ســەرنجەکان‌و ڕاپۆرتی تایبەت لە فێرخوازانی بەشدار وەرگیراوە، کە ژمارەیــان (٤١)فێرخــواز بــوو، بــەڵام لەبــەر درێژنەبوونــەوەی بابەتەکــە تــەنها نموونــەی فۆرمــەکان خراونــە ڕوو، کــۆی ســەرنجەکان لــە پــاڵ بابەتەکــەدا ســودیان لێــوەرگیراوە، هەرچەندە ڕێکخستن‌وگفتوگۆکردنی سەرنجەکان‌و ئەنجامدانی دیدارەکانی گرفتی بــەردەم توێژینەوەکــە بــوون، کــە بــەهاوکاری هــەموو لایــەك کــار بــۆ چارەســەرکردنیان کــراوە، ئومێــد دەکــەین خزمــەتێکی بچــوکمان بــەم بــوارە پێشکەش کردبێت، توێژینەوەکەش لــەم پێشــەکیەو دوو تــەوەرەی ســەرەکی پێکهــاتووە، هەرچــی تــەوەرەی یەکەمــە بــۆ لایــەنی تیــۆری بابــەتی وانەوتنــەوەو دیــدار تــەرخانکراوە، کەلەچــەند کورتەباســێکدا خراونــە ڕوو، تــەوەرەی دووەمیشی بۆ لایەنی پراکتیکی بابەتە تەرخانکراوە، لەگەڵ چەند ڕاسپاردەو ئەنجامەکان.

## یەکەم : بنەما تیۆریەکانی دیداری خوێندنگا

### چەمکی وانەوتنەوە :

وانەوتنەوە پیشەیەکی هونەری وردە، پێویستی بە خۆ ئامادەکردنێکی باش هەیە، چونکە تەنها بریتی نییە لە جێبەجێکردنی ئەرك، واتە تەنها کاری تاکێك نییە بە پێی توانایەکی گشتی جێبەجێی بکات، بەتەنهاش بە واتای گواستنەوەی زانیاریەکان لە مامۆستاوە بۆ فێرخواز نایەت، بەڵکو لە بنەڕەتدا ڕاستکردنەوەی ڕەفتاری فێرخواز بە ئامانج دەگرێت، پرۆسەیەکە پێویستە فێرکردنی ڕاستەقینەی لەگەڵدابێت ، ئەگەر وانەبێت ئەوا واتا گرنگەکەی لە دەست دەدات.( سۆلاڤ : ٢٠٠٩ : ١٢).

وەك هەر چەمکێکی تر وانەوتنەوەش شرۆڤەکاری و پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە، هەر توێژەرەو لە گۆشە نیگایەکەوە لێی ڕوانیوەو لێکیداوەتەوە، مەبەستمان نییە بە درێژی باسیان بکەین، تەنها بە کورتی ئاماژە بە چەند پێناسەیەك دەکەین .

وانەوتنەوە : بریتییە لە کۆمەڵێك هەنگاوی یەك لە دوای یەك کە لە ناو پۆلدا جێبەجێدەکرێت، بە مەبەستی گەیاندنی فێرخوازەکان بە ئاستێکی بەرز لە فێربوون و فێرکردنیان بۆ هەندێك زانیاری و مەعریفەو کارامەیی دیاریکراو لەکاتێکی دیاریکراودا (حسن : ٢٠١٣ : ٢٤ ) ، یان وا پێناسە کراوە، کە پرۆسەی بەیەکگەیشتنی نێوان مامۆستاو فێرخوازە، واتە گواستنەوەیە لە دۆخێکی ژێرییەوە بۆ دۆخێکی ژیری تر، ئەمەش لە ئەنجامی کارلێکردن لەگەڵ کۆمەڵێك ڕووداوی فێربوون و فێرکردن کە کاریگەریان لەسەری هەیە، لە گەڵ ئەوشدا وانەوتنەوە سیستەمێکی خودی تاکە کەسییە، کە تیایدا مامۆستا هەڵدەستێت بە ڕۆڵێکی پیشەیی کە وانەوتنەوەیە.(أحمد : ٢٠١٤ : ١٥ )

بە پلانێکی وەسفی تەواوکار دادەنرێت، کە پرۆسەی دارشتن و جێبەجێکردن و ئاراستەکردنی ناوەڕۆکێکی دیاریکراو یان بابەتێکی دیاریکراو دەگرێتەوە، کە لەناو پۆلدا بە ئەنجام دەگات، واتە کۆمەڵێك ستراتیژی پەیوەست بە هەڵبژاردنی ناوەڕۆکێکی گونجاو و کەرەستەو ڕێگاو شێوازی گونجاوی وانەوتنەوە و ڕێو شوێنی ورووژاندنی هاندەرێتی فێرخوازان و شێوازی گونجاوی هەڵسەنگاندن لە خۆ دەگرێت ( عبدالرحیم : ٢٠١٥ : ٣٤٤ )، کەواتا وانە وتنەوە کۆمەڵێك چالاکی و ڕەفتارە، کە مامۆستا دەینوێنێ لەپێناو دروستکردنی کەشێکی کۆمەڵایەتی وزانستی، بۆ دەستخستنی باشترین دەستکەوتی فێرکاری و پەروەردەیی ، ئەمانەش لەئەنجامی پیادەکردن‌و کار ئەنجامدان‌و دەربڕینی دەنگ‌و جوڵەکانی فێرکارەوە دێنەدی، هەروەك چۆن شانۆکارێك لەسەر تەختی شانۆ بە دەنگ وجوڵە سەرنج ڕاکێشەکانی گوزارشت لەوە دەکات، کە دەیەوێت بیگەیەنێتە بینەر، لەبەرئەوەیە کە دەوترێت مامۆستایەتی (زانست وهونەرە) (ساری: ٢٠١٠: ٢٨)، زانستە بەو مانایەی، کە هەر مامۆستایەك لە بواری پسپۆریەکەی خۆیدا ئەوەندە زانستەی لایە کە بتوانێت کاتەکانی وانەی پێ بەسەر بەرێت، ئەوە لە کەمترین حاڵەتدا ئەگەر زۆریش زیرەك‌و ڕۆشنبیر نەبێت زانیاری زیادەی لەسەر بابەتەکەی هەبێت، بەڵام ئەمە بە تەنها بەس نییە، بەڵکو چۆنییەتی گەیاندنیشی گرنگە، کە تەواوکەری پیشەی مامۆستایەتییە، کە ئەویش لایەنە هونەریەکانی وانە وتنەوە دەگرێتەوە (الوائیلی: ٢٠٠٥: ٨١)، وەك چۆنییەتی هەڵس‌و کەوت کردن و دەستەبەری دەنگ‌و کەسایەتی وشێوازی وانە وتنەوە و جۆری پەیوەندی لەگەڵ فێرخوازان‌و ئارەزوو ویستی بۆ پیشەی مامۆستایەتی، لەبەر ئەوە مەرج نییە ئەو مامۆستایەی لە پسپۆریەکەی زیرەك ولێهاتوو بوو مامۆستایەکی باش بێت‌و توانای تێگەیاندنی فێرخوازەکانی هەبێت، بە پێچەوانەشەوە هەر

ڕاستە، لەبەرئەوە پێویستە مامۆستا چەندە بایەخ بە لایەنی زانستی دەدات لایەنە هونەریەکانیشی ئەوەندە لەبەر چاو بێت بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی دەروونی ئارامو پڕ چێژ تا پرۆسەی فێرکردنی تێدا بێتە دی. (شاهین: ٢٠١١: ٨).

وانەوتنەوە پڕۆسەیەکی تەواوکارییە بەگشتی سێ پێکهاتە لە خۆ دەگرێت کە بریتین لە :

١- ( Inputs ) هاتنەناوەوە : بریتییە لەسەرجەم پێکهاتە ماددی و مەعنەویەکان، کە بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی پەروەردە پێویستن، بۆ نمونە مامۆستا، فێرخواز، پرۆگرامی خوێندن، ئامرازو پێداویستیەکانی شیکارکردن، لایەنی بەڕێوەبردن ....

٢- ( Process ) هەنگاوەکان : بریتییە لە خستنەگەڕی ڕاستەوخۆی پێکهاتەکانی چالاکی یەکەم Inputs ( ) و دەستکردن بە وانە خوێندن لەکاتی خۆیداو بەکارهێنانی ئامرازەکانی فێرکردن و ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان و بەڕێوەبردنی کاروباری خوێندنگە و فێرخوازان، بەکورتی هەموو فەرمانێکی هاتنەناوەوە، جێبەجێکردنی دەبێتە هەنگاوەکان .

٣- ( Out puts ) دەرچوونەکان : بریتییە لەو ئەنجامەی، کە دوای جێبەجێکردنی هەردوو چالاکی یەکەم و دووەم ( Process ، Inputs ) لە چوارچێوەی پەروەردەی فەرمیدا بە دەست دێت، وەك گەشەکردنی ئاستی کەسایەتی فێرخواز لەڕووی کۆمەلأیەتی و زانستیە. (شاهین: ٢٠١١ :١٣ )

بەم شێوەیە بە لێوربوونەوە لە چەمکەکەو پێناسە جیاوازەکانی دەتوانین بڵێین پێویستە لەسەر وانەبێژ (مامۆستا) هەمیشە لە پەرەپێدان و گەشەپێکردنی وانەکەی خۆیدا بێت، کە ڕێکدەکەوێت لە گەڵ خواستو پێویستیەکانی رۆژگاردا، بە پێی گەشەکردنی سیستەمی پەروەردەو فێرکردن، بۆ هێنانەدی مەبەستی پێویست، یاخود ئەوەی وانەبێژە دەبێت خاوەن ڕۆحێکی داهێنەرانەو هەستێکی کراوە بێت بۆ وەرگرتنی هەموو شتێکی تازەو سوود بەخش ( حسن: ٢٠١٣: ٢١).

لێرەشدا ڕۆڵی مامۆستامان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە وەك کارەکتەرێکی سەرەکی دەردەکەوێت، هەروەك توێژەرێك بە پێشەنگی پۆل ناوی دەبات، بێگومان ئەمەش ئەوە دەخوازێت کە کۆمەڵێك خەسڵەتی زانستی و کەسایەتی ( الخصائص الشخصيه والعلميه ) تێدابێت ( الزغول: ٢٠١٠: ٢٩ )، سەرکەوتنیشی تارادەیەکی زۆر لەسەر بەڕێوەبردنی پۆل و بنەماکانی وەستاوە، کە بە ئەرکەکانی یان کارامەییەکانی پۆل یان ( مهارات التدريس) ناسراوە، کە بریتین لە پلان و جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندن(عبیدان : ٢٠١٢ : ٢٧)، هەموو ئەمانەش پێویستیان بە باسی تایبەتەو بە پێویست نەزانراوە لێرەدا بە درێژی باس بکرێن .

**دووەم/ چەمکی دیدار :**

بێگومان بەرنامەی ئامادەکردن و پێگەیاندنی فێرخوازان لە فاکەڵتیە پەروەردەییەکان وەك مامۆستای داهاتووی بابەتە زانستیە پسپۆڕیەکان و پەروەردەیی و دەروونییەکان، پرۆسەیەکە لە ماوەی چوار ساڵی فاکەڵتیدا پەروەردە دەکرێن، ئەوە جگە لەوەی لە ماوەیەکی قۆناغی چوارەمدا وەك ڕاهێنراو ئەرکی بینین و جێبەجێکردن ئەنجام دەدەن، دیارە لایەنێکی گرنگ کە جێی مەبەستی ئێمەیە ئاماژەی بۆ بکەین و پەیوەندی بەم باسەوە هەیە، بریتییە لە دیداری خوێندنگا، کە بەمەبەستی بە پراکتیکی بینینی پیشەی مامۆستایەتیە لە خوێندنگاکاندا .

بەر لە دەستپێكردنی ماوەی جێبەجێكردن ( تطبیقات )، پێویستە فێرخوازان بە باشی ئامادەبكرێن و شێوازی بە پراكتیزەكردنی ئەركی وانەوتنەوە ببینن، بۆیە دیداری خوێندنگا پێویستە فەرامۆش نەكرێت و بایەخی تەواوی پێبدرێت چ لە ڕووی تیۆریەوە بێت یان پراكتیكیەوە، ئەوەیان بۆ ڕوونبكرێتەوە كە ئەركێكی پیرۆزو گرانیان دەخرێتە سەر شان، كە پێویستە وەك خۆی جێبەجێی بكەن، هەر بۆیە بە پێویستی دەزانین لە ڕووی تیۆرییەوە چەمكی دیدار ڕوون بكەینەوە :

دیدار بریتییە لە پرۆسەیەك كە هەفتانە ڕۆژێك فێرخوازان بۆ یەكێك لە قوتابخانەكان دەبردرێن و دەچنە ناو پۆل و لە نزیكەوە سەرنجی ئەو مامۆستایانە دەدەن كە وانەكە دەڵێتەوە، دوای تەواو بوونی وانەكە لە ڕێگای پێوەرو فۆرمی سەرنجدانی تایبەتەوە هەڵسەنگاندنێكی زانستی بۆ وانەوتنەوەی ئەو مامۆستایە ئەنجام دەدەن، بۆ ئەوەی بزانن تا چ ڕادەیەك سەركەوتوو بووە، واتە دەستنیشانی خاڵە بەهێزو لاوازەكانی مامۆستای وانەبێژ ئەنجام دەدەن، بۆ ئەوەی لە لایەك سوود لە خاڵە بەهێزەكانی وەربگرن و لەكاتی جێبەجێكردن و دواتریش لە دوای زانكۆ و بونیان بە مامۆستا ئەوانیش بەو شێوەیە وانە بڵێنەوەو مامەڵە لەگەڵ فێرخوازان بكەن، لە لایەكی تریشەوە لە كاتی جێبەجێكردن و لە داهاتووشدا لە كاتی وانەوتنەوە لە خاڵە لاوازەكانی ئەو مامۆستایە دوور بكەونەوەو ئەوانیش وەك ئەو مامۆستایە نەكەونە ئەو هەڵانە. ( قەرەچەتانی : ٢٠١٤ : ٢٤٤ )

دیدار بەم شێوەیەش پێناسە كراوە، كە بریتییە لە كارێك بۆ پشكنینی پرۆسەی فێربوون و فێركردن لە نێو پۆلدا لە ڕێگای سەرنج و تێبینی یان دیداری كەسی، بە مەبەستی بە دەستهێنانی چەند زانیاریەكی دیاریكراو، یان بە مەبەستی ڕاستكردنەوەی كاری مامۆستاو فێرخوازە لە نێو پۆلدا، یان شیكردنەوەی چالاكیەكانی نێو پۆل و دیاریكردنی ئەو كێشەو كۆسپانەی تووشی مامۆستاو فێرخواز دەبن و لێكۆڵینەوەیان وەكو خۆیان یان لە چوارچێوەی واقیعدا بۆ تێگەیشتنێكی واقیعیانەترو بەسوود تری كێشە پەروەردەییەكان. (مراد : ٢٠٠٥ : ٩٠ )

لێرەدا بۆمان دەردەكەوێت كە دیدار چالاكیەكی پەروەردەیی تایبەتە بۆ بە دیهێنانی چەند ئامانجێكی دیاریكراو، بۆ ئەوەی بنەماكانی هونەری وانەوتنەوە بە دەست بهێنێت، هەر لەسەر ئەو بنەمایەشە كە پێش پرۆسەی پراكتیزەكردن دەكەوێت، هەر لەسەر ئەو بنەمایە فاكەڵتیەكانی ئامادەكردنی مامۆستا، كە بە ( فاكەڵتی پەروەردە ) ناسراون، لە هەرێمی كوردستان بەشێوەیەكی گشتی، ( زانكۆی ڕاپەڕین / فاكەڵتی پەروەردەی قەڵادزێ ) بە شێوەیەكی تایبەت، هەندێك لە بەرنامەكانیان بۆ دیدارو پراكتیزەكردن و دیاریكردنی ماوەی پراكتیزەكردنی بە كۆمەڵ تەرخان دەكەن، بۆیە دەبینین هەندێك لە فاكەڵتیەكانی پەروەردە بۆ ماوەی پراكتیزەكردنی بەكۆمەڵ شەش هەفتە لە نیوەی دووەمی ساڵی كۆتایی دەستنیشان دەكەن، كە پێش ئەم شەش هەفتەیەش هەندێك دیدارو پراكتیزەكردنی تاكەكەسی ئەنجام دەدەن.

بە تێهزرین لەو بابەتانەی كە لە سەرەوە خراونەتە ڕوو تێدەگەین، كە سەركەوتن لە پیشەی فێركردندا بە ئەزبەركردنی ئەو بابەتە تیۆریانەی فێرخواز لە ناوەندەكانی خوێندن و زانكۆدا دەیانخوێنێت نایەتە دی، بەڵكو بە پراكتیزەكردنیان لە ژینگەی خوێندندا لەكاتی وانەوتنەوەدا دێنە دی، فێرخوازیش تا بەشداری زیاتری دیداری خوێندنگا بكات، لێهاتوییەكەی زیاتر دەبێت چالاكتر دەتوانێت لایەنە پراكتیكیەكانی پەروەردە ڕاست بكاتەوە، تەوەرەی پراكتیكی لە بەرنامەكانی ئامادەكردنی مامۆستایاندا لە فاكەڵتیەكانی پەروەردە نابێت تەنها لە ساڵی كۆتایی دابێت و دەكرێت هەر لە ساڵی یەكەمەوە دەستی پێبكرێت، بەڵام شێوەی باو ئەوەیە كە هەردوو

ساڵی کۆتایی کە قۆناغی ( سێیەم و چوارەم ) دەگرێتەوە، بابەتەکانی پراکتیکی پەروەردەیان تێدابێت و دیداریش بەشێکە لە وان.

### سێیەم/ ئامانجەکانی دیداری خوێندنگا :

بێگومان هەموو چالاکییەکی ڕێك و پێك لە پرۆسەی پەروەردەدا چەند ئامانجێکی ڕوونی هەیە، کە خەسڵەتەکانی دیاریدەکەن و ڕێبازەکەی ڕوون دەکەنەوە، گرنگترین ئامانجەکانی دیداریش، پێدانی زانیارییە بە فێرخواز دەربارەی شێواز و ڕێبازە گشتی و تایبەتییەکانی وانەوتنەوەیە، هەروەها وا لە فێرخواز دەکرێت ئەو شتانەی بە تیۆری فێریان بووە بە شێوەیەکی کردەیی پراکتیزەیان بکات، وە لێکدانەوەی دیاردە و چالاکییەکان لە ژێر تیشکی ئەو زانیاریەی لەسەر پەروەردە و دەروونزانی و ڕێبازەکانی وانەوتنەوە و لایەنە هونەریەکانی پەروەردە بە دەستی هێناوە، یارمەتیدانی فێرخواز بۆ دروست کردنی بیرۆکەیەکی پێش وەخت لەسەر وانەوتنەوە پێش پراکتیزەکردن، هەروەها بونیاتنانی توانا بۆ فەرماندان بەسەر ئەو چالاکییەی کە دەیبینێت.(مراد: ٢٠٠٥: ٩٢).

### چوارەم/ بنەماکانی دیداری خوێندنگا :

دیدار پرۆسەیەکی گرنگەو بنەمای تایبەت بەخۆی هەیە، زۆر پێویستە لە کاتی دیدار فێرخواز ڕەچاوی ئەو پێوەرو بنەمایانە بکات و بە پێی ئەوان خۆی ئامادە بکات و سەردانی قوتابخانەکان بکات و پرۆسەکە بە ئەنجام بگەیێنێت، بە پێچەوانەوە پرۆسەکە دەبێت بەکارێکی هەڕەمەکی و لابەلایی و هیچ سوودێکی نابێت.(قەرەچەتانی: ٢٠١٤: ٢٤٦ )

لە گرنگترین بنەماکانیشی کە پێویستن بۆ پرۆسەکە برتیین لە:

١- پێویستە دیدار لە هەموو ساڵەکانی خوێندندا هەبێت، نەك تەنها لە چەند ڕۆژێکی دیاریکراوی ساڵی کۆتایی خوێندندا، بەوەش ئەنجامدانی بەرنامەکانی پەروەردەی پراکتیکی بۆ بەرچاو ڕوونی فێرخواز دەربارەی سروشتی پیشەکەی مسۆگەر دەبێت.

٢- ( دەبێت دیدار ئامانجدار بێت.) (جابر : ٢٠١٣ : ٢٨١ )، ئەویش بەوەی بەرنامە ڕێژی پێشوەختەی بۆ بکرێت بە بەشداریکردنی فێرخوازان، لە ڕێگەی مامۆستاکەیانەوە ئاگاداربکرێنەوە لە پلانی ئەو وانەیەی کە دیداری تێدا ئەنجام دەدەن، بۆ ئەوەی بیرۆکەیەکیان لەسەر هەبێت.

٣- دەبێت دیدار دەرفەتی سەرنج لێدان و لێپێچانەوە بڕەخسێنێت، بۆ ئەوەی فێرخواز بتوانێت لایەنەکانی گەشەکردنی کارەکەی ڕاست بکاتەوە، واتە سەردانی پۆل تەنها جارێك نەبێت.

٤- واباشترە دیدار هەموو پۆلەکان و بابەتەکانی خوێندن بگرێتەوە سەرباری چالاکییەکانی دیکەی قوتابخانە، لە وانەش کارەکانی بەڕێوەبردن و چالاکی فێرخوازان لە دەرەوەی پۆلدا.

٥- پێویستە لەسەر ئەو فێرخوازانەی کە دیدار ئەنجام دەدەن، هەر لەسەرەتاوە تا کۆتایی وانەکە لە ناو پۆلدا بمێننەوە، بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندنەکەیان زانستی و سەرتاسەری بێت، واتا ئەگەر دوای ماوەیەك بچنە ژووری پۆلەوە ئەوا نازانن مامۆستا لە ناو وانەکەیدا پێشەکی هەبووە یان نا؟، ئەگەر هەیشی بووە کارامەییەکانی وەك مامۆستایەکی سەرکەوتوو بەکارهێناوەو ئامانجەکانی وانەکەی ڕونکردۆتەوە؟،

ئەگەر زوویش بێنە دەرەوە ئەوا ناتوانن هەڵسەنگاندنی تەواو بکەن و بزانن ئایا مامۆستاکە پوختەیەکی وانەکەی ( کورتەو ئەنجام ) لە کۆتایدا پێشکەش دەکات؟، یان ئایا هەڵسەنگاندن بۆ فێرخوازەکانی خۆی دەکات یان نا؟ ( قەرەچەتانی : ٢٠١٤ : ٢٤٧).

٦- مەبەست لە دیدار بریتییە لە کۆکردنەوەی زانیاری بۆ ڕوونکردنەوەی ڕاستیەکی زانستی، بۆیە واچاکە فێرخواز تێبینییە گرنگەکان تۆمار بکات.

٧- دیدارچالاکییەکی پەروەردەییە بنەماکەی بۆ بە دەستهێنانی شارەزایی و لێهاتویی و زانیاریی پیشەیی پەروەردەییە، بۆیە دەبێت فێرخوازان گفتوگۆ لەسەر ئەو شتە بکەن کە دەیبینن، بۆ بەسەر بردنی کات‌و گەشتێکی ئاسایی ڕۆژانە نییە.

٨- ڕێ‌وشوێنی دیدار وا دەخوازێت فێرخوازانی ڕاهێنراو لە بەردەم فێرخوازەکانی خوێندنگاو مامۆستاکاندا بە دیمەنێکی جوان دەربکەون و کات بە فیڕۆ نەدەن و لە ناو پۆلدا هێمن و بێدەنگ بن، هەروەها لە دەرەوەی پۆلیشدا لە گەڵ فێرخوازانی خوێندنگاکاندا بەو پەڕی ڕێزەوە ڕەفتار بکەن و لەو شتانە دوور بکەونەوە کە بیری فێرخوازان لە بابەت و ڕێبازی وانەکە لادەدات.

٩- پێویستە دیدار تەرخانبکرێت بۆ بینینی وانەوتنەوەیەکی چاك، کە وێنەیەکی نمونەیی بەکارهێنانی ئامرازو چالاکییە پەروەردەییەکان، وەکو ڕێبازی وانەوتنەوە و بەکارهێنانی ئامرازەکانی فێرکردن و کۆنترۆڵکردنی پۆل و لەبەرچاو گرتنی جیاوازی تاکایەتی و بەشدار بوونی فێرخوازان لە وانەدا بەرجەستە بکات ( قەرەچەتانی : ٢٠١٤ : ٢٤٧).

**پێنجەم/ پلانی دیداری خوێندنگا :**

ئەگەر پلان لە چوار چێوەی پرۆسەی پەروەردەوە سەیر بکەین و دیداری خوێندنگاش وەك بەشێك لەو پرۆسەیە، بریتییە لە پێشوەختەیەکی ئامادەکراو لە لایەن مامۆستاوە بەر لە وتنەوەی وانە لە ناو پۆلدا ئەنجام دەدرێت( حەمەدمین: ٢٠١٤: ٦٤)، لە ڕاستیدا پلاندانان بۆچوون و وێناکردنی تایبەتی مامۆستایە لە چۆنێتی بەجێگەیاندنی وانەکە بەجۆرێك پێویستە ئەم بۆچوون و وێناکردنانە گشت پێداویستی و فاکتەرانەی لە خۆدا هەڵگرتبێت کە مامۆستا دیەوێت بیگرێتە بەر بۆ بە دیهێنانی ئامانجەکانی، هەر بۆیە گرتنەبەری پێویستییەکی هەنووکەییە بۆ مامۆستایان. (أحمد : ٢٠١٤ : ل٦٤ )، یاخود دەتوانین بڵێین بریتییە لەو گریمانەو پێشبینییانەی لە ئەنجامی تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان پرس و ڕەهەندە جیاوازەکان بەرجەستە بووە، هەروەها پرۆسەی کۆنترۆڵکردن و بەکار بردنی هەموو ئەو توانا ماددی و مرۆییانەیە کە لەبەر دەستدا هەیە، بە مەبەستی گەیشتن یان بەرجەستەکردنی ئامانجە دیاریکراوەکان لە کاتێکی دیاریکراو، بە کەمترین هەوڵ و تێچوو. ( حەمەدمین : ٢٠١٤ :٦٤ )، سەرکەوتنیشی تاڕادەیەکی زۆر لەسەر سێ بنەما وەستاوە، کە بریتین لە:

١- دیاریکردنی ئامانجەکان.

٢- دیاریکردن‌و هەڵبژاردنی ڕێگاوشێوازێکی شیاو بۆ بەدەسهێنانیان.

٣- ئەنجامدانی هەڵسەنگاندن بۆ دیاریکردنی ڕادەی چەندیەتی بەدەستهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکان (عدس: ٢٠٠٨ :٣٧ ).

گرنگی پلان لەوە دایە کە چالاکییە جۆراو جۆرەکان ڕێکدەخات بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو، چونکە بناغەی سەرکەوتنی دیدارە، فێرخوازان لە گەڵ مامۆستاکانیان لە پەروەردەی پراکتیکی و ڕێبازەکانی وانەوتنەوە بەشدار دەبن لە دیاریکردنی ئەو لایەنانەی دیدارەکەی لە بارەوە ئەنجام دەدەن پێش ئەوەی بچنە سەردانی خوێندنگاکان، ئەو لایەنانەش بریتین لە :

١- ئەو فێرخوازە ڕاهێنراوەی دەچێت بۆ ئەنجامدانی دیدار دەبێت لە میانەی وانەکەدا لە پرۆسەی فێربوون بکۆڵێتەوەو بزانێت فێرخوازان چەندە لە زانیاریەکان تێگەیشتوون، دیاریکردنی ئەو بەشەی دەبێت ببینرێت لە ناو پۆلدا، هەروەها تۆمارکردنی ئەو لایەنانەی لەکاتی کارلێکردنی فێرخوازان و بابەتی وانەکەو مامۆستای بابەت بەدەر دەکەوێت.

٢- پێویستە ئەوەش بزانرێت لە کاتی ئەنجامدانی چالاکی دیداردا، دەبێت مامۆستای بابەت هاوڕێی فێرخوازان بێت، بەرنامەی پلانی ئامادەکردبێت و فێرخوازانی بە پێی ژمارەیان گروپ گروپ کردبێت و پێشتر لەگەڵ بەڕێوەبەری خوێندنگایەك بەرواروو کاتی سەردان و شوێنی دیداری دیاریکردبێت، ڕێنمایی پێویست بە فێرخوازانی ڕاهێنراو بدات، کە ڕێز لە یاساو ڕێنمایی خوێندنگاکە بگرن و ژاوەژاو دروست نەکەن، بۆ ئەوەی ئامانجی سەردانەکە بپێکرێت.(مراد: ٢٠٠٥: ٩٣)

کەواتا دەکرێت بڵێین پێویستە ئەو دیدارە بە ئاگاداری فەرمی فاکەڵتی بێت و فەرمانی پشگیری ڕاگری پێبدرێت، وا باشترە لە ڕێگەی فەرمانێکەوە فاکەڵتی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سنورەکە ئاگادار بکاتەوە لە ئامانج و مەبەستی دیدارەکە، داوابکات ئەوانیش لە ڕێگەی خۆیانەوە بە نوسراوی فەرمی کارگێڕی قوتابخانەکان ئاگادار بکەنەوە، کە کار ئاسانی بۆ ئەو مامۆستاو فێرخوازانە بکەن، کە سەردانیان دەکەن، ئەم ئامادەکاریانەش ڕاستی لە ئەستۆی مامۆستای بابەتی ( دیداری خوێندنگا )یە، کە داواکاری لە ڕێگەی بەشەوە بەرز بکرێتەوە، بۆ ئەوەی شێوەیەکی یاسایی وەربگرێت، خۆی سەرپەرشتی کارەکان بکات و لە هەمان کاتدا داوای ئامادەکردن و دابینکردنی ( ئۆتۆمۆبیل )ی تایبەت بکات بۆ گواستنەوەی فێرخوازان، هەروەك ئێمەش لەمیانەی لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکەدا هەمان شتمان پراکتیزەکردووە، تاڕادەیەکی زۆریش سەرکەوتوو بووین.

### شەشەم / ناوەڕۆکی دیداری خوێندنگا :

دیدار پرۆسەی بە فیڕۆدانی کات نییە، بەڵکو شیکاری ڕەخنەییە بۆ هەڵسەنگاندنی مامۆستای وانەبێژ، تۆمارکردنی تێبینیەکانی گرنگە بۆ فێرخوازی ڕاهێنراو، چونکە وێنەی دیدارەکەی دەخاتە بەر چاو، وا دەکات لە بیری نەچێتەوە، بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندنی مامۆستای وانەبێژ لەسەر بنەمای زانستی بێت و دووربێت لە بیرو ڕای تایبەتی و هەڵسەنگاندنی سەر پێیی، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە مامۆستای بابەتی ( دیداری خوێندنگا ) نمونەو پێوەری زانستی بۆ فێرخوازەکان ئامادەبکات، بۆ ئەوەی لە کاتی چوونیان بۆ خوێندنگاکان، فێرخوازەکان بۆ مەبەستی هەڵسەنگاندن بەکاریبهێنن. ( قەرەچەتانی : ٢٠١٤ : ٢٤٨ )، جگە لە فۆڕمێکی سەرنجدان کە لە بەشی دووەم ئاماژەی پێدەکرێت، لە لایەن مامۆستای بابەتی ( دیداری خوێندنگا ) ئامادەکراوە، هەندێك نمونەی تر لە شێوەی پرسیاری داڕێژراو بە فێرخوازی ڕاهێنراو ئاشنادەکرێت، کە زۆربەی چالاکییەکانی وانەوتنەوە لەخۆ دەگرێت بۆ ئەوەی بەرچاو ڕوونی تەواوی هەبێت لە هەڵسەنگاندنی مامۆستای وانەبێژدا، پێویستە ئەمانە بەر ئەنجامدانی دیداردا بۆ فێرخوازان ڕوونبکرێنەوە، بۆ نمونە : ( پێشەکی وانەکە چۆن بوو؟ گونجاو بوو؟

درێژ بووی بوو بە دەروازەی وانەی داهاتوو یان نا؟ لە کاتی پێشکەش کردنەکەی هەڵوێستی فێرخوازان چۆن بوو؟ فێرخوازان بەدڵیان بوو یان نا؟ مامۆستا چ ئامرازێکی فێرکردنی بەکارهێنا؟ گونجاو بوون؟ هەمووی بەکارهێنا؟ بەچاکی بەکاریهێنان؟ پرۆسەی کۆنترۆڵکردنی پۆل چۆن بوو؟ خودی بوو یان دەرەکی؟ ئایا بابەتی وانەکە لەگەڵ کاتی دیاریکراودا دەگونجا؟ بەسەر بەشەکانی وانەکەدا بەشێوەیەکی گونجاو دابەش کرابوو؟، ئایا پۆلەکە قەرەباڵغ بوو؟ هەوا گۆڕکێی پۆلەکە گونجا بوو؟ پۆلەکە خاوێن بوو؟ ڕووناکی پۆلەکە چۆن بوو؟ مامۆستا توانی بابەتی وانەکە بە ژیانی ڕۆژانە فێرخوازانەوە ببەستێت؟ هەڵسانگاندنەکانی مامۆستا لە ناو پۆلدا لە کاتی وانەکەدا بۆ ئەوە بوو بزانێت چەندە لە ئامانجەکانی بەدیهێناوە؟ ئەمانەو چەند بابەتێکی تر، کە بە شێوەیەکی زانستی لە فۆرمی دیداری خوێندنگا رونکراونەتەوە (ساری: ٢٠١٢: ١٨٥- ١٨٦).

**بەشی دووەم : شێوەی پراکتیزەکردن لە دیداری خوێندنگادا**

**یەکەم/ چالاکییەکانی دیداری خوێندنگا :**

ئەنجامدانی دیداری خوێندنگا بەچەند جۆرێك دەتوانرێت چالاکیەکانی ئەنجام بدرێن، زۆربوونی ژمارەی فێرخوازان‌و گرفتەکانی تری بەردەم ئەنجامدانی پراکتیکی لە لایەك‌و ئاسانی ئەنجامدانی جۆرە چالاکیەکانی تر، وایکردووە کە هەندێ جار پەنا بېرێتە بەر جۆرەکانی تری دیدار، ئەوەی کە تایبەتە بەم توێژینەوەیە هەروەك لە پێشەکیەکەیدا ئاماژەمان پێکردووە، بەنموونە دوو شێواز لە پراکتیزەکردنی دیداردا بەنموونە وەرگیراون، کە لە خوارەوە باسیان لێوە دەکەین:

١- دیدار لەڕێگەی تەلەفیزیۆنەوە T.V (یان بینیی ڤیدیۆیی): پێشکەوتنی تەکنیکی لە بوارەکانی ژیاندا وا لە لایەنە پەیوەندی دارەکان بەکاروباری پەروەردەوە دەکات سوود لەو لایەنە تەکنیکیانە وەربگرن لە خزمەتکردنی پەروەردە و پەرەپێدانی ئامرازەکانی دا چونکە گەلێك کۆسپ و تەگەرەی مەیدانی هەن کە لە کاتی دیداردا دێنە پێش وا دەکەن ڕێگای دیکەی جێگرەوەی مەیدانی بگرێنە بەر، هەندێك جار دەکرێ دیدار لە ڕێی ڤیدیۆیی ئەنجام بدرێت ، کە دەتوانرێت لە ڕێگای فیلمێکی ڤیدیۆیی لەسەر وانەیەکی نمونەیی کە لە یەکێ لە قوتابخانەکان تۆمارکراوە، تا لە کاتژمێرێکی دیاریکراودا پیشانی هەموو فێرخوازەکان بدرێت و ئەو فیلمە ببینن، ئەوەش بە پشت بەستن بەو وانانەی بە چەند کامیرایەك وێنەیان گیراوە ، کە هەر یەکەیان وێنەی لایەکی پۆلەکە بگرێت ، ئەو سەردانانە زۆربەی ئامانجەکانی دیدار بەدی دێنن، فێرخوازی ڕاهێنراو وانەیەکی نموونەیی دەبینێت، چونکە مامۆستایانی وانەی پراکتیکی خاوەنی شارەزای و لێهاتوون بەرزن و لە قوتابخانە و فاکەڵتیەکان دەبژێرێت (مراد: ٢٠٠٥: ٩٧).

لەڕاستیدا زۆری ڕێژەی ژمارەی فێرخواز لە فاکەڵتیەکانی پەروەردە، جۆرێك لە گرفتی بۆ بەردەم ئەنجامدانی دیداری خوێندنگا دروستکردووە، بە تایبەت ئەم گرفتە لە فاکەڵتی پەروەردەی قەڵادزێ، کە بە نموونە وەرگیراوە بەدی دەکرێت، بۆیە وەك ئامرازو شێوازێکی دیدار، بە کردار لە ناو هۆڵی خوێندندا بە ئامێری داتاشۆ چەند دیمەنێکی دیکۆمێنتی ڤیدیۆمان پیشانی فێرخوازن داوە، داوامان لێکردوون بەسەرنجەوە لێی بڕوان‌و پاشان گفتوگۆمان لەسەر شێوازو ڕەفتاری مامۆستا کۆی دیمەنەکانی تری ڤیدیۆکە کردووە، دوا سەرنجی خۆمان لەچوارچێوەی پەروەدەیەکی دروستدا پێڕاگەیاندوون‌و وڵامی پێویستی پرسیارەکانمان داونەوە، هەرچەندە شاشەی بینراو ناتوانێت بەیەکجاری جێگای دیداری مەیدانی بگرێتەوە، بە تایبەت تەلەفیزیۆن تەنها لە یەك

لاوە کاریگەری هەیە و کاریگەری ڕاستەوخۆشی نییە، سەرباری ئەوە بچوکی شاشەی تەلەفیزیۆن وا دەکات بە دوا داچوونی چالاکیەکە هەندێك نادیاری و لێڵی تێدابێت، کەئەمەش ئەنجامی لایەنی پراکتیکی کارەکەیە.

بەڵام لایەنی ئەرێنی خۆشی هەیە، لەکەمی تێچونی کاتو ئابوریو ئاسانی بەکاهێنانیو کۆنترۆڵکردنی، هەمیش ئامرازێکی تری فێرکردنو ڕاهێنانە، بە تایبەت ئەگەر ئەم شێوازە پێش دیداری پراکتیکی بێت باشترە، بۆئەوەی فێرخواز لەهەندێ یاسای ناوپۆلو شێوازی وانە وتنەوەو چەند لایەنێکی تری تایبەت بەم بوارە ئاگادار بکرێتەوە، بەپێی ئەو گفتوگۆو بەدواداچونانەش کە ئێمە لەم بوارەدا لەگەڵ گروپەکان ئەنجامداوە، کاریگەری باشی هەبووەو جێی بایەخو سەرنجی فێرخوازان بووە، جگە لەوەی جۆرێك لە خۆشی بەوانەکەو ویستی گوێگرتنو پراکتیزەکردنی لایان دروستکردووە، وەك خۆئامادەکرن بۆ ئەنجامدانی پراکتیکی یان مەیدانی دیدار.

**٢-سەردانی دیدار:** پێویستە لە چوار چێوەی خشتەی هەفتانەی فاکەڵتیە پەروەردەییەکان ئەو کاتانە دیاری بکرێت کە سەردانەکانی دیداریان تێدا ئەنجام دەدرێت، چونکە بۆ پراکتیزەکردنی تاکە کەسی زۆر پێویستە، هەموو پراکتیزەکردنێکی تاکە کەسی بەلایەنی کەمەوە دوو دیداری مەیدانی پێویستە، دەکرێت ئەم شێوازەیان هەروەك ئاماژەکرا، بە تاکە کەسی ئەنجام بدرێت، بەمەرجێ بە ئاگاداری بەش بێت، پشگیری بە فێرخوازان بدرێت، کە داوا لەبەرێوەبەری خوێندنگاکان بکرێت هاوکاریان بن وەك گوێگروبینەر لەگەڵ مامۆستایانی بابەتە پسپۆریەکان بچنە پۆلەوە، چاودێری چۆنیەتی وانە وتنەوەی مامۆستاکە بن، بەڵام لەم کاتەشدا پێویستە فۆرمی تایبەت بە دیداریان (سەرنجدان) لەبەردەست بێت، بۆئەوەی بزانن پێویستە لەسەر چ بنەمایەك مامۆستا هەڵدەسەنگێرێت؟، کەکۆی ئەو پێوەرانەی تێدا دیاریکراوە کە مامۆستای پێ هەڵدەسەنگرێت (عبیدات: ٢٠١٢، ١٨٥-١٨٦)کە لەبنچینەدا ڕاهێنانە بۆ قۆناغی داهاتووی خۆیان، کە ماوەی ڕاهێنانە، نەك ئەو مامۆستایەی کە دەچنە سەردانی.

دیارە ئێمە هەلی ئەنجامدانی ئەمجۆرە دیدارەشمان بۆ فێرخوازان ڕەخساندووە، بەتایبەت لەو ڕۆژانەی کە ڕۆژی پشوی زانکۆ بووە (ڕۆژانی شەممە)، بەڵام لە خوێندگاکان دەوام ئاسایی بووە، بەگوێرەی بەدواداچونیشمان تاڕادەیەکی زۆر سودی بۆ فێرخوازان هەبووە، پاڵە پەستۆی زۆریش نەخراوەتە سەر گارگێری خوێندنگاکان، ئەمەش لایەنێکی تری پراکتیکی توێژینەوەکەیە، کە لە دوای گەڕانەوەی فێرخوازان لە سەردانی خوێندنگاکان گفتوگۆمان لەگەڵ کردوونو وڵامی پرسیارو سەرنجەکانمان داونەوە، کە لە میانەی دیدارەکەدا بۆیان دروست بووە.

هەرچی دیداری بەگروپیش بووە، ئەوا لەژێر سەرپەرشتی مامۆستای وانە ئەنجام دەدرێت، کە هەروەك ئاماژەمان بۆ کرد پێویستە پێشتر ئامادەکاری بۆ بکرێتو فێرخوازان دابەش بکرێن بەسەر چەند گروپێکی (٥ - ٦) کەسی، بۆئەوەی بەئاسانی بەسەر پۆلەکاندا دابەش بکرێن، ئارامی خوێندنگەو پۆلەکە بپارێزن، وە پێشتر بەرێوەبەری خوێندنگەکە لە کاتو بەرواری سەردانی کردن ئاگادار بکرێتەوە، نەك بێ ئاگاداری پێشوەختە و لەناکاو دیدار ئەنجام بدرێت، ئەوەندەی دەکرێت واباشترە فێرخوازان لەگەڵ ئەو مامۆستایانە بچنە پۆلەوە کە هاو پسپۆر بن لەگەڵ فێرخوازان، بۆ نموونە فێرخوازانی بەشی کوردی تادەکرێت لەگەڵ مامۆستایانی پسپۆری کوردی بچنە پۆلەوە، بۆئەوەی هەم لە ڕووی زانستیەوە سودی لێوەر بگرن هەم لەرووی ڕێگاو شێوازەکانی وانەوتنەوە.

بۆئەوەی شێوەیەکی ڕێك بەکارەکە ببەخشرێتو شێوەیەکی یاسایی تەواوی پێ بدرێت، چونکە بردنە دەرەوەی فێرخواز بەرپرسیاریەتیە، دەبێت مامۆستای سەرپەرشتیار ناوی نەهاتوان لە تۆماری ڕۆژانەی زانکۆ تۆمار بکات، بۆئەوەی فێرخواز خۆیانی لێ نەدزنەوەو بە بێ بایەخ سەیری ئەنجامدانی دیدار نەکەن، ئەمەش لە ڕێگەی فۆرمێکەوە، کە بەتایبەت بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکراوە، لە پاشکۆی ژمارە یەکی ئەم توێژینەوەیە خراوەتە ڕوو.

**نموونەیەك لە فۆرمی دیداری خوێندنگا:**

ئەم فۆرمەی کە خراوەتە ڕوو، بێگومان بە پشت بەستن بە سەرچاوەکان ئامادەکراوە، کە گشت لایەنەکانی هەڵسەنگاندنی گرتۆتەخۆ، لە هەردوو بواری پەروەردەییو زانستی، هەر لە فاکەڵتی و بەرلە ئەنجامدانی دیدار بەگشت فێرخوازان دەدرێت، بۆئەوەی لەکاتی دیداری مامۆستایان لایان بێت، چاودێری پرۆسەی وانەوتنەوە بکەن، بەڵام دەبێت ئەوەیان بۆ ڕونبکرێتەوە کە لە بنچینەدا ئەوە بۆ سودی خۆیانە بۆ ئەوەی لە لایەنە ئەرێنیو نەرێنیەکانی مامۆستاکە سود وەربگرنو دواتر خۆشیان بەپێی هەمان ئەو پێوەرانەو فۆرمێکی هەمان شێوە لەکاتی جێبەجێکردنو ڕاهێناندا لە لایەن سەرپەرشتاری زانستیو پەروەردەیەوە هەڵدەسەنگێنرێن، وە سەرنجو تێبینی خۆیان بنوسن، بۆ ئەوەی لەکاتی گەڕانەوەو لە فاکەڵتی لەگەڵ مامۆستای بابەتدا گفتوگۆی لەسەر بکەن، هەر پرسیارێك لایان دروست دەبێت وڵامی گونجاو وەربگرنەوە.

**ڕاسپاردەکان:**

لەئەنجامی ئامادەکردنی لایەنی تیۆریو پراکتیکی ئەم توێژینەوەیە، بە وردبوونەوەو سود وەرگرتن لەڕاو سەرنجی فێرخوازان، بەمەبەستی بایەخدانی زیاتر بەم بابەتەو سود گەیاندنی زیاتر بە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنو پەرەدان بە توانای وانەوتنەوەی فێرخوازان بەتایبەت لەکاتی ڕاهێناندا، چەند ڕاسپاردەیەکمان لە لا گەڵاڵە بوو، کە ئومێد دەکەین لایەنە پەیوەندیدارەکان لەبەر چاویانبگرنو سود بەخش بن بۆ پرۆسەکە، لەو ڕاسپاردانەش:

١- پێویستە لە لایەن فاکەڵتیو بەشەوە بە بایەخەوە سەیری بابەتی دیداری خوێندنگا بکرێت، لە خشتەی وانەکانی هەفتەدا لە کاتی گونجاودا دابنرێت.

٢- ئاسانکاری کارگێڕیو لۆجستی بۆ مامۆستای بابەتو فێرخوازان بکرێت، بە تایبەت ڕەخساندنی کاتی گونجاو بۆ ئەنجامدانی دیدار.

٣- مامۆستا پلانێکی گونجاوی هەبێتو بەرنامەی کاری دیاریکراو بێت، ڕاسپاردەی پێویست بەر لەسەردان بەفێرخوازان بدات.

٤- فێرخواز بۆ بەشداریکردن تیایدا هانبدرێت، سەرنجو تێبینیەکانی بنووسێتو ئارەزووی بەشداری هەبێت.

٥- پەیوەندی بەردەوام دروستبکرێت لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوچەکەو کارگێڕی خوێندنگاکان، بۆئەوەی کارئاسانی پێویست بۆ ئەنجامدانی دیدار بکەن، چونکە لەداهاتوودا هەردەرچوانی فاکەڵتیە پەروەردەییەکان دەبنە مامۆستاو وانە بێژی خۆیان.

**ئەنجام:**

١- وانەوتنەوە پرۆسەیەکی زانستیوهونەری وردە، پێویستی بە مەعریفەی جۆراوجۆر هەیە، لەگەڵ خۆئامادەکردنێکی تەواو بەجۆرێك کە بەئاسانترینو باشترین شێواز ئامانجەکان بەدی بهێنرێن.

٢- بابەتە پەروەردەیەکان لە فاکەڵتیە پەروەردەیەکاندا هیچی لە بابەتە پسپۆریەکان کەمتر نییە، چونکە چەندە زانستی پسپۆری گرنگە بۆ مامۆستا، ئەوەندەی هونەری گەیاندنی بە فێرخواز گرنگە، بۆیە پێویستە بایەخی زۆریان پێبدرێت.

٣- دیداری خوێندنگا یەکێکە لەو بابەتانەی کە پەیوەندی ڕاستەخۆی بە قۆناغی ئامادەکردنی فێرخوازانەوە هەیە بۆ کاتی ڕاهێناوجێبەجێکردن، بە تایبەت لە قۆناغی چوارەمی فاکەڵتی، کاریگەری باشی لەسەر خواستو ویستی بوون بەمامۆستا هەیە لە لای فێرخوازان، کە مەرجێکی گرنگی سەرکەتنە لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا.

٤- ئەنجامدانی کاریگەری زۆر دەکاتە سەر شارەزاکردنی فێرخوازان بە ڕێگاو شێوازەکانی وانەوتنەوەو سود وەرگرتن لە هەڵەو لایەنەباشەکانی مامۆستایان.

## پاشکۆکان :

### پاشکۆی ژمارە (١) وێنەیەك لە فۆرمی بینین

زانکۆی ڕاپەرین / فاکەڵتی پەروەردەی قەڵادزێ

فۆرمی دیداری خوێندنگا/ بەشی کوردی

ڕۆژ و بەرواری سەردان: ناوی خوێندنگە:

ناوی گروپ: ژمارەی گروپ: مامۆستای بابەت:

سالّی خوێندنی ٢٠١٤- ٢٠١٥ز

| ز | ناوی خوێندکاری ئامادەبوو | ناوی بەڕێوەبەر ژ.پەیوەندی | مۆری خوێندنگە | ژمارە وناوی ئەوبابەتانەی بەشداری کردوە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | | | | |
| ٢ | | | | |
| ٣ | | | | |
| ٤ | | | | |

### پاشکۆی ژمارە (٢)

**(فۆرمی دیداری خوێندنگا)**

**زانکۆی ڕاپەڕین    فاکەڵتی پەروەردە    بەش/    ناوی فێرخواز:**

**زنجیرە:    بەرواری سەردان:    خوێندنگا:**

**پۆل:    بابەت:**

| جۆری پێوەر | لاواز | پەسەند | ناوەند | باشە | زۆرباشە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| **یەکەم: کەسایەتی مامۆستا** | | | | | | |
| ١-ڕواڵەت وجل وبەرگ | | | | | | |
| ٢-بڕوابەخۆبوون وهەڵچوون | | | | | | |
| ٣-زیندویی وچالاکی | | | | | | |
| ٤-توانای کۆنترۆڵکردنی پۆل | | | | | | |
| ٥-توانای سەرنج راکێشانی فێرخوازان | | | | | | |
| **دووەم: پلاندانا بۆ وانەوتنەوە** | | | | | | |
| ١-گرنگیدان بەرونکردنەوەی ئامانجەکانی وانەکە | | | | | | |
| ٢-گونجاوی ڕێگاوشێوازەکانی وانەوتنەوە | | | | | | |
| ٣-هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی وانە و ڕەچاو کردنی کات | | | | | | |
| ٤-بەکارهێنانی ئامرازەکانی فێرکردن | | | | | | |
| ٥-گرنگیدان بەهەڵسەنگاندن | | | | | | |
| **سێیەم: جێبەجێکردنی وانەکە** | | | | | | |
| ١-پێشەکی وشیاوی دەستپێکردن | | | | | | |
| ٢-وردی وبابەتی بوون ونەبوونی هەڵە | | | | | | |
| ٣-توانای لەخستنەڕوی بابەتەکە | | | | | | |
| ٤-توانای لەوتنەوەی وانەوهێنانەوەی نموونە | | | | | | |
| ٥-بایەخدان بە دەربڕین وپرسیاری گونجاو | | | | | | |
| ٦-بایەخدان بەچەمکەسەرەکیەکان بابەتەکە | | | | | | |
| ٧-ڕادەی وروژاندنی بیروهزریان | | | | | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| وهاندانیان | | | | | | |
| ٨-رادەی گرنگیدان بەجیاوازی تاکایەتی | | | | | | |
| ٩-گوێگرتن لێیان وریزگرتن له رایان | | | | | | |
| ١٠-مامەڵەی بەرامبەر هەڵەی فێرخوازان | | | | | | |
| هەڵسەنگاندن | | | | | | |

## لیستی سەرچاوەو لێوەرگیراوەکان:


- **بەزمانی کوردی:**
- حەسەن، عبدالله، بنەماکانی وانەوتنەوی سەرکەوتوو، وەرگێرانی هێمن مەنصور، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٣ز.
- شەمەیی، سۆلاڤ فائق، شێوازە گشتییەکانی وانەوتنەوە ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی پەیوەند ، سلێمانی، ٢٠٠٩ .
- الزغول، عیماد عبدالرحیم ، ، بنەما سەرەکیەکانی سایکۆلۆژیای پەروەردەیی ، وەرگێرانی: ئارام ئەمین شوانی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی رۆژهەلات ، هەولێر ، ٢٠١٥ .
- عزیز ، کەریم ئەحمد ، بنەما گشتییەکانی رێگاکانی وانەوتنەوە ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی نارین ، هەولێر ، ٢٠١٤ .
- قادر، رەمەزان حەمەدمین ، رێگاو شێوازە تیۆری و پراکتیکییەکانی وانەوتنەوە ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی رۆژهەلات ، هەولێر ،٢٠١٤.
- قەرەچەتانی، کەریم شەریف ، سایکۆلۆژیای رێگاکانی وانەوتنەوە ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی پیرەمێرد ، سلێمانی ، ٢٠١٤ .
- **بە زمانی عەرەبی :**
- جابر، جابر عبدالحمید ، التدریس فن وعلم وبناء ، الطبعة الأولى ، الناشر دار الفكر العربي ، القاهرة ، ٢٠١٣ .
- خطاب ، محمد صالح ، صفات المعلمين الفاعلين ( دليل للتأهل والتدريب والتطوير ) ، الطبعة الأولى ، دار المسيرة ، الأردن ، ٢٠٠٧ .
- الدليمي، طه حسين و الوائلي ، سعاد عبدالكريم عباس ، اللغة العربية مناهجها وطرائق تدريسها ، الطبعة الثانية ، دار الشروق ، ٢٠٠٥ .
- ساري، محمد محمود و عبيدات، خالد حسين ، مفاهيم التدريس في العصر الحديث ( طرائق... أساليب... إستراتيجيات ) ، عالم الكتب الحديث ، الطبعة الأولى ، الأردن ، ٢٠١٢ .

- شاهين، عبدالحميد حسن عبدالحميد ، إستراتيجيات التدريس المتقدمة وإستراتيجيات التعلم وأنماط التعلم ، الجامعة الأسكندرية ، المصر ، ٢٠١٠ .
- عدس، عبدالرحمن و قطامي، يوسف، علم النفس التربوي النظرية والتطبيق الاساسي، دار الفكر العربي، الطبعة الرابعة، الاردن، ٢٠٠٨م.
- مراد، عبدالقادر ، معلم الصف وأصول التدريس الحديث ، الطبعة الأولى ، الناشر دار أسامة للنشر والتوزيع ، عمان، الأردن ، ٢٠٠٥ .

**ملخص:**

**التدريس مهنة معقدة وليست سهلة، يعتمد على الشخصية الفعالة للمدرس ، لذا يحتاج كثيرا الى الالمام باختصاصه من حيث المعلومات العلمية والمواضيع التربوية وكذلك طرق واستراتيجيات التدريس، باختلاف المهن الاخرى ، لذا العمل على اعداد الطلبة لهذه المهنة عمل مبارك ويحتاج جهداً و وقتاٍ و صبراً.**

**وهذه المادة أي: طرائق التدريس موجودة في كثير من الكليات كخطوة أولى لتحقيق غرض مادة التطبيق والمشاهدة وبيان اهمية هذه المادة وتعريف الطلبة بمضمونها من حيث الاستفادة منها في عملية التربية والتعليم، لذا من الضروري العمل على القيام بدراسات وبحوث علمية في هذا المجال، وكل ذلك كان وراء اختيار هذا البحث في ضمن هذا الاطار.**

**ومن اجل إعداد هذا العمل رجعنا الى جملة من المصادر والمراجع، وفي مجال تطبيق البحث تم اختيار كلية التربية بجامعة رابەرين إنموذجا من خلال مادة المشاهدة والتطبيق من قبل طلبة المرحلة الرابعة للعام الدراسي(٢٠١٤-٢٠١٥)، حيث تم الحصول على ملاحظات الطلبة من خلال التقارير الخاصة بالطلبة المشاركين (عددهم ٤٣) في البحث، وبسبب عدم الاطالة بالموضوع تم بيان عينة من الاستبانة المطبقة على الطلبة، وتم الاستفادة من جميع الملاحظات الى جانب المادة الخصصة لذلك، بالرغم من وجود عراقيل وعقبات امام انجاز البحث من حيث تحليل الملاحظات والمقابلات، حيث تم العمل على انجازها من خلال التعاون المشترك بين جميع الجهات المعنية، ونامل على ان نكون قد انجزنا ولو جزء بسيط من الاستفادة بهذا المجال، والبحث الحالي يتكون من مقدمة وبعدين اساسيين، حيث تم تخصيص البعد الأول للاطار النظري الخاص بالتدريس والتطبيق والمشاهدة، والبعد الثاني تم تخصيصها للجانب التطبيقي من البحث والنتائج والتوصيات والمقترحات بالاضافة الى قائمة المصادر.**

# Abstract

Teaching is a complicated and hard occupation based on the personality and accomplishment of the teacher. Therefore، it requires an abundant skill in specialization and familiarization with educational subjects and methodologies of teaching. Different from any others، it is not an occupation to get rid of, because by neglecting it، no aims are achieved and it will be just a complete waste of time. So getting the students ready for this sacrosanct career needs time and exhaustion. One of the majors available as an important preliminary stage in most of the educational colleges is the major of School Observation. The importance of the major، familiarizing the students to its content، and the way of conducting it all deserve special researches being carried out on. With the aim of paying much more attention to the major especially in practical aspects، and benefitting the educational process، the necessity of carrying out a special research is recognized. All the above mentioned reasons are behind the pick of the topic to research on.

For undertaking the research، much benefit was derived from special sources. In practical terms، Faculty of Education / University of Raparin has been taken as an example in which the ways of observing school teachers by the fourth-year students were carried out practically in the 2014 – 2015 academic year. Researches got benefit from returning the comments and special reports from the students who were participants in it. Only the examples of the forms have been illustrated so as not to be a lengthy topic. Benefit was taken from the whole comments throughout the topic. Although organizing and discussing the comments، and observing school teachings were the greatest challenges faced by the research، we hope that we have served a little bit in this field. And the research is composed of an introduction and two main chapters. the first chapter، it was devoted to theoretical aspects of teaching methodology and school observation illustrated in short sections. And the second chapter has been devoted to practical aspects، recommendations، conclusions and the list of the sources.